# بەردهاوێشتن وڕەمی جەمەرات لە شەودا

# رمي الجمار ليلا

کوردي >

## دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

## فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# بەردهاوێشتن ورەمی جەمەرات لە شەودا

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : ئایا بەردهاوێشتن ورەمی جەمەرات لەشەودا دروستە یان نا ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەردهاوێشتن ورەمی جەمەرات لەشەودا کارێکی دروستە، چونکە کاتی رەمی کردن و بەردهاوێشتن بۆ جەمەرات درێژ دەبێتەوە تا کاتی هەڵهاتنی سپێدەی رۆژی دواتر، واتا تا نوێژی بەیانی رۆژی پاشتر، کۆتا رۆژی جەژن ( أيام التشريق ) نەبێت، کە کاتەکەی تا رۆژ ئاوا بوونی رۆژەکەیەتی، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ رازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : كان رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يُسأل يوم النحر بمنى فيقول : { لا حرج } فسأله رجل فقال : حلقتُ قبل أن أذبح، قال : { أذبح ولا حرج} ، فقال رميتُ بعدما أمسيتُ، فقال : { لا حرج } [ رواه البخاري ] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) لە رۆژ سەربڕیندا، واتا: لە یەکەم رۆژی جەژن هەر پرسیارێکی لێ بکرایە، لە وەڵامدا دەیفەرموو : هیچ گرفت نیە و قەیدی ناکات، پیاوێك پرسیاری لێکرد وپێی ووت : سەرم تاشی پێش ئەوەی ئاژەڵەکەم سەر ببڕم، لە وەڵامدا پێی فەرموو : سەری ببڕە و هیچ گرفت نیە، وە پێی ووت : پاش ئێوارە واتا لەشەودا بەردەکانم هاویشتە جەمەرەکان، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) پێی فەرموو : هیچ گرفت نیە و قەیدی ناکات ..

وە کۆمەڵێك بەڵگەی تریش هەن کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) مۆڵەتی ئەو کەسانەی دا کە شوانی مەڕو ومالآت وووشترەکان بوون، کە شەو بەردەکانیان بهاوێژنە جەمەرەکان، هەروەها ڕیوایەت کراوە کە کۆمەڵێك لە هاوەڵانیش بە شەو رەمی جەمەراتیان کردووە ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ..

هەورەها ڕێگادان بەوەی کە بەشەویش ڕەمەی جەمەرات بکرێت، لەگەڵ ئاسانکاریەکانی شەریعەت و هەڵگرتنی ناڕەحەتیەکاندا دەگونجێت، چونکە یەکێك لە بنەما گەورەکانی شەریعەتی ئیسلام ئەوەیە ( المشقة تجلب التيسير ) واتا : ناڕەحەتی و مەشەقەت ئاسانکاری ڕادەکێشێت ...

خوای گەورەش زاناترە ..

IslamHouse.com